# كاریگەریی چوارچێوەو ئاستانەكانی دەق لە سەر هەڵوێستی وەرگر دەقی (دەراڤێ تەنگ) وەك نموونە

پ.ی.د. فواد رشید محمد

بەشی كوردی، كۆلیژی پەروەردەی بنیات، زانكۆی سەلاحەدین، هەرێمی كوردستان – عێراق.

((رەزامەندیا بەلاڤكرنێ : 1 كانوینا ئێكێ 2013))

**پوخته**

**ئەگەرچی گرنگیدان بە روڵی (وەرگر ـ خوێنەر) لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا كارێكی تەواونییە و لە بەرهەمە ڕەخنەییەكانی یۆنانی پێش زاییندا، سەرە داوی ئەم جۆرە باسكردنە بەدی دەكرێت، بەلام تایبەتمەندێتی گرنگی پێدانی (تیۆرەكانی وەرگرتن)ی سەدەی بیستەم لە چاو هەولەكانی پێش خوی لەوەدایە، (تیۆرەكانی وەرگرتن) خوێنەریان كرد بە جەمسەرێكی گرنگ وكارای نیو پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی، واتا رولا وپێگەی خوێنەر لە كارتێكراوە وە گورا بۆ كارتێكەر، چونێتی وچەندایەتی ژیان ومەرگی دەقێكی ئەدەبی، پەیوەندبێت بە خوێندنەوە وكاردانەوەی خوێنەرانەوە.**

**تیۆرەكانی وەرگرتن پتر جەختیان لەسەر رولا وكاردانەوەی خوێنەر كردووە،لەنیۆ كردەی خوێندنەوەی دەقدا.ئەم توێژینەوەیە هەولدانێكە بۆ زیاتر خستنەرووی روڵی كاردانەوەی خوێنەر، بەلام بەر لە خوێندنەوەی وردەكارییەكانی نێوەرۆكی دەق، ئەمەش بە بشت بەستن بەهەردوو چەمكی (چوارچێوەی دەق) و (ئاستەكانی دەق) كەئەم دوو جەمكەش سەر بەرەخنەی () بەشێكیشن لە تیورەكانی وەرگرتن.**

**بۆ ئەم حالەتەش توێژەر دەقی (دەراڤا تەنگ) ی (كریم جمیل بیانی) كردووەتە نموونەیەكی پراكتیكی بۆ بۆچوونە تیۆرییەكانی توێژینەوەكە.**

## پێشـەكی

ئەگەرچی گرنگیدان بە ڕۆڵی (وەرگر ـ خوێنەر) لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبییدا كارێكی تەواو نوێ نییە و لە بەرهەمە ڕەخنەییەكانی یۆنانی پێش زاییندا، سەرە داوی ئەم جۆرە باسكردنە بەدی دەكرێت، بەڵام تایبەتمەندێتی گرنگیپێدانی (تیۆرەكانی وەرگرتن)ی سەدەی بیستەم لە چاو هەوڵەكانی پێش خۆی لەوەدایە،( تیۆرەكانی وەرگرتن) خوێنەریان كرد بە جەمسەرێكی گرنگ و كارای نێو پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیی، واتا ڕۆڵ و پێگەی خوێنەر لە كارتێكراوە وە گۆڕا بۆ كارتێكەرو ، چۆنێتی و چەندایەتی ژیان ومەرگی دەقێكی ئەدەبیی، پەیوەندبێت بە خوێندنەوە و كاردانەوەی خوێنەرانەوە.

تیۆرەكانی وەرگرتن پتر جەختیان لەسەر ڕۆڵ و كاردانەوەی خوێنەر كردووە، لەنێو كردەی خوێندنەوەی دەقدا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێكە بۆ زیاتر خستنەڕووی ڕۆڵی كاردانەوەی خوێنەر، بەڵام بەر لە خوێندنەوەی وردەكارییەكانی نێوەڕۆكی دەق، ئەمەش بە پشت بەستن بەهەردوو چەمكی (چوارچێوەی دەق) و (ئاستەكانی دەق) كە ئەم دوو چەمكەش سەر بە ڕەخنەی (پاش

بونیادگەریین Post-structuralism) و بەشێکیشن لە تیۆرەکانی وەرگرتن.

بۆ ئەم حاڵەتەش تویێژەر دەقی (دەراڤێ تەنگ)ی (كريم جميل بياني) کردووەتە نموونەیەکی پراکتیکی بۆ بۆچوونە تیۆرییەکانی تویێژینەوەکە.

**تەوەری یەکەم** : پێگەو ڕۆڵی (وەرگر ـ خوێنەر) لەنێو پرۆسەی داهێناندا .

بابەتی رەچاوکردنی پێگەی خوێنەر لەنێو پرۆسەی داهێناندا، بابەتێکی کۆن و نوێیە، کۆنە بەو مانایەی سەرە داوەکانی ئەم بابەتە لە بەرهەمە ڕەخنەییەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆشدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە کاتێ ئەرستۆ (٣٤٨ ـ ٣٢٢ پ.ز) قسە لەسەر تیۆری پاکبوونەوە = التگهیر = catharsis) دەکات، بەڵام بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی، لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، وەرچەرخانێکی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینی لەڕووی گرنگیدان بە پێگەی (وەرگر ـ خوێنەر).

وەرچەرخانەکە لەوەدابوو، تا ئەو مێژووە زۆربەی میتۆدو ئاڕاستە ڕەخنەییەکان (خودی نووسەر) یاخود (دەقی ئەدەبی) یان کردبووە تەوەرو سەروەری گوتاری ڕەخنەیی و (وەرگر ـ خوێنەر)یش پتر وەکو جەمسەرێکی کارتێکراو ڕەچاو دەکرا، بەڵام لەسەر دەستی داڕێژەرانی تیۆرەکانی وەرگرتن، (خوێنەر ـ وەرگر) کرا بە تەوەری کاری ڕەخنەیی، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە (خوێنەر) خۆی جەمسەرێکی گرنگ و ئامادەیە لەنێو پرۆسەی داهێنانی ئەدەبییدا.

بەر لەسەر هەڵدانی تیۆرەکانی وەرگرتن، بەشێوەیەکی گشتی گوتاری ڕەخنەیی ئەدەبی بەچەند ئاراستەیەکی جیاواز کاریان دەکرد، چەند ئاراستەیەك پتر گرنگیان تەنها بەسۆسیۆلۆژیای نووسەر دەدا وەکو ڕەخنەی مارکسیزم و چەند ئاراستەیەکیش وەکو (بونیادگەریی) و (فۆرمالیستی) پتر لەڕوانگەیەکی زمانەوانیی داخراوەوە تەماشای (دەق)یان دەکرد و پێیان وابوو ((دەقی ئەدەبی ئەزموونێکە بە دەق دەستپێدەکات و هەر لەگەڵ دەقیشدا کۆتایی دێت))[١]. لەکاردانەوەی ئەم جۆرە کارانەو هاوشێوەکانی ((بنەماکانی ئێستاتیکای وەرگرتن لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتە باوەکانی سەردەمی خۆی دامەزراوە، ئەم بەرپەرچی فۆرمالیستەکان دەداتەوە کە دەهاتن جیاوازی زەق و ڕەهایان دەکرد لەنێوان بوون و بزاڤی مێژوودا. وەك چۆن بەرپەرچی ڕەخنەی مارکسی تەقلیدی دایەوە لەبەر ئەوەی دەقی بە بەرهەمی چەند هێزێکی مێژوویی ڕووت دادەنا[٢].

هەروەها تیۆرەکانی وەرگرتن بۆچوونەکانی بونیادگەریشی ڕەتکردەوە، چونکە بونیادگەری لە کرداری ڕەخنەییدا، دەقی ئەدەبی لە هۆکارەکانی (مێژوو، نووسەر، جڤاك) دا دەبڕێت و تەنیا سەرقاڵی شیکردنەوەی پێکهاتەو پەیوەندییە زمانییەکانی نێو دەقی ئەدەبی دەبێت[٣] و هیچ بایەخێکیشی بەخوێنەر نەداوە.

دەكرێ بڵێین چەمكی تیۆرەكانی وەرگرتن، ناوە بۆ چەند ڕەوت و ئاڕاستەیەكی ڕەخنەیی جیاواز كە خاڵێكی هاوبەش پێكەوەیان دەبەستێتەوە، ئەویش بریتییە لە گرنگیدان بە (وەرگر ـ خوێنەر) و كاراكردنی ڕۆڵی ئەم خوێنەرە تا ئەو ڕادەیەی، كە ئەوە خوێنەرو كاردانەوەكانێتی، چۆنێتی ماناو بوونی دەقی ئەدەبی دیاری دەكات، دەتوانین ڕەوت و قوتابخانەكانی تیۆرەكانی وەرگرتن بەم شێوەیە دیاری بكەین:

تیۆرەكانی وەرگرتن (جمالیه التلقی Aesthetics Reception) توێژینەوەكانی هەردوو توێژەری ئەڵمانی (هانز ڕۆبەرت یاوس) و (فۆلفانگ ئایزەر) لە زانكۆی ((كۆنستانس)) لە پێشەنگی ئەو هەوڵە ڕەخنەییانەن كە بیروبۆچوونی نوێیان دەربارەی چەمكەكانی (ئەدەبیبوونی دەق) و (مێژووی ئەدەب) و (بەدەستهێنانی مانا) هێنایە ئاراوە، جیاواز لە بۆچوونەكانی فۆرمالیستی و بونیادگەری كە لەو سەردەمانەدا گوتاری باڵای نێو ڕەخنەی ئەدەبیی بوون[٤].

هەڵبەتە هەریەك لە (یاوس) و (ئایزەر) تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو لە چۆنێتی گرنگیدان بە ڕۆڵ و ئەركی (وەرگر ـ خوێنەر)، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە كە هەردووكیان باوەڕیان بە دیالێكتیكی نێوان هەردوو جەمسەری (دەق) و (خوێنەر) هەبوو، بەڵام وەك بواری توێژینەوە و لەپراكتیكیدا، ئایزەر لە كتێبی (كردەی خوێندنەوە)دا دەیەوێت زیاتر جەخت لە كردەی كاریگەریی ئیستاتیكی دەكاتەوە، ئەمەش دوور نییە لە ڕەهەندی وەرگرتن، كەچی (یاوس) پتر گرنگیی بەلایەنی وەرگرتن داوە[٥].

**٢ـ تیۆری كاردانەوەی خوێنەر (نظریه استجابه القارئ ـ Reader-Response Theory)**

هەوڵ و توێژینەوەكانی ئەدەبناسانانی ئەمەریكایی لە بواری گرنگیدان بەخوێنەر، بەشێوەیەك لە شێوەكان مێژوویەكی كۆنتری هەبوو لە هەوڵەكانی زانكۆی ( كۆنستانس). لەنێو ڕەخنەی ئەنگلۆ ئەمەریكیدا، ئاماژە بۆ بیروبۆچوونەكانی (ریچاردز) دەكرێت كە لە كتێبەكەی خۆی (ڕەخنەی پراكتیكی ١٩٢٩) دەربڕیوە[٦].

بەڵام گرنگیدان لەچوارچێوەی تیۆرییەكی دیاریكراودا، ئەوا دەكرێ ئاماژە بۆ توێژینەوەكانی (ستانلی فیش) و (میكائیل ریفارتیر)، (نۆرمان هۆلاند) و (جیرالد برنس) بكرێت[٧].

ئەگەر لە وردەكارییەكانی ئەم بیروبۆچوونانەدا جیاوازی هەبوو بێت، ئەوا سەرجەمیان لە خاڵی گرنگیدان بەخوێنەر و بە تەوەركردنی لەنێو پرۆسەی داهێنان و ڕەخنەی ئەدەبییشدا هاوبەشن. (بەگشتی تیۆری وەرگرتن بریتییە لە پەیوەندی نێوان خوێنەرو دەق و دەق و خوێنەر، لەگەڵ ڕەچاوكردنی جیاوازی شێوازی خوێندنەوەی دەق لەلایەن خوێنەرەكانییەوە)[٨].

تەوەری دووەم:

هەڵوێستی (وەرگر ـ خوێنەر) لەبەرامبەر دەقی ئەدەبییدا.

لە تەوەری یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی تیۆری وەرگرتن (نقریە التلقی Reception Theory) بەهەردوو باڵەکەیەوە، قوتابخانەی ئەڵمانی و ئەمەریکی، وەرگر لەبەرامبەر (دەق و نووسەردا) باڵا دەست بوو، چەمکی (دەسەڵاتی خوێندنەوە یان خوێنەر)یشی هاتە ئاراوە، کە گوزارشتی لە پێگەی ستراتیژی (وەرگر ـ خوێنەر) دەکرد لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبییدا، کە ئەوە خوێنەرە مانا بە دەق دەبەخشێت، بەڵکو زیاتر لەمەش، خودی مێژووی ئەدەب، پەیوەندە بە چۆنێتی و چەندایەتی کاردانەوە و وەڵامدانەوەی خوێنەرەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان.

ئاشکرایە، تیۆری وەرگرتن پتر لەو دۆخ و کاتانە باسی ڕۆڵ و کاردانەوەی خوێنەری کردووە کە لە ڕێگەی کردەی خوێندنەوەوە، هێڵێکی پەیوەندی لەنێوان (دەق و خوێنەر)دا دروست بووە و هەڵبەتە سەرەتای ئەم هێڵە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ((خوێندنەوە چالاکییەکە لەلایەن دەقەوە ئاراستە دەکرێت))[٩]

ئێمە لەم نووسینەدا دەمانەوێت ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە کە لە هەندێ حاڵەتدا بەر لە خوێندنەوەی دێرو دەستەواژەکانی نێوەڕۆکی دەقێکی ئەدەبی، (وەرگر ـ خوێنەر) هەڵوێست و کاردانەوەیەکی تایبەتی دەبێت لەبەرانبەر دەقەکەدا، جا چ ڕەتکردنەوەبێت یاخود پێشوازیکردنی هەڵبەتە لە دروست بوونی ئەم جۆرە کاردانەوەیەدا، چوارچێوەی مێژوویی، واتا ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی دەقەکەی تێدا ئاراستەی وەرگر دەکرێت، لەگەڵ ئاستانەکانی دەقەکە (العتبات النصیە) ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ دەبینن.

دەکرێ وەکو نموونەی هەڵوێست وەرگرتنی وەرگر بەر لە خوێندنەوەی وردەکارییەکانی دەقی ئەدەبی، تا ڕادەی فەرامۆشکردن و تەنانەت ڕەتکردنەوەیشی، ئاماژە بە دەقی (دەراڤێ تەنگ بکەین)[١٠] بکەین، کە لە نووسینی (کەریم جەمیل بیانی)یە و بە (کرمانجی ژووروو) نووسراوە.

لەسەر بەرگی پێشەوەی ئەم دەقە نووسراوە:

**دەراڤـــێ تەنــگ**

(ژ تۆرێ جەنگێ)

لەدوای لاپەڕەی دەقەکەیش نووسراوە ((ڕۆمانا دەراڤێ تەنگ خەلاتێ دووێ وەرگرت د بەریکانیا قادسیا صدام دا سالا ١٩٨٥))[١١]

لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، دەقی (دەراڤێ تەنگ) لەدوو ئاستدا لەلایەن (وەرگر ـ خوێنەر)ی کوردەوە هەڵوێستی لە بەرانبەر وەرگیراوە.

لە ئاستی نووسین، گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چ وەك (ڕۆمان)، چ وەك (چیرۆك)

دەقی (دەراڤێ تەنگ)ی نەخوێندۆتەوە و بە بێدەنگیی دەقەکەی پەراوێز خستووە.

بۆ نموونە هەردوو ماستەرنامەی (ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا)[١٢] و (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا)[١٣] بە تەنها وشەیەکیش ئەم دەقەیان بەسەر نەکردۆتەوە، هەرچەندە دەقی ناوبراو خۆی وەکو ڕۆمانێك بەخوێنەر ناساندووە[١٤]، ڕەخنەی چیرۆکی کوردییش چ (کرمانجی ژووروو) و چ(کرمانجی ناوەڕاستیش) ئاوڕێکیان لەم دەقە نەداوەتەوە ، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجێکی ئەم کارە ڕەخنەییانە بدەین کە زۆربەیان لەدوای سالّی (١٩٨٨)ەوە، واتا لەدوای بلاّوکردنەوەی دەقی (دەراڤێ تەنگ) بلاّوکراونەتەوە[١٥].

+ انور محمد گاهر، چەند گوتارکێد ڕەخنەیی، چ١، بەلاڤکرنا ئەمینداریا گشتی یا ڕۆشنبیری و لاوان ل دەڤەرا کوردستانێ، ١٩٨٨.

+ زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەریی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

+ جلال مصگفی، بیاڤێ خواندنێ، چ١، چاپخانا هاوار، دهوك، ٢٠٠٤.

لە ئاستی سەر زارەکییشدا، لەنێو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورددا، دەقی (دەراڤێ تەنگ) لەکاتی خۆیدا، قسەو پرسیاری گوماناوی ـ لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لەسەر کراوە[١٦] بەلّگەیەکی دیاریش لەسەر بوونی ئەم جۆرە گومان و پرسیارانە، ئەوەیە کە تەنانەت ئێستاش لە سالّی (٢٠١٢) کە باس لەم دەقە دەکرێت، هەمان پرس دەورووژێنرێنێتەوە[١٧].

لەم توێژینەوەیەدا بەنیازنین، لەڕووی ئایدیۆلۆژی یان ئیستاتکییەوە، لەنیوەڕۆکی دەقی (دەراڤێ تەنگ) بکۆلّینەوە، یاخود بزانین، نووسەر دەقەکەی بەچی نیازو مەبەستێك نووسیوە، بەلّکو لێرەدا هەولّدەدەین ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە دوو هۆکاری دەرەکی و ناوەکی لە پشتەوەی پەراوێز خستنی ئەم دەقەوە بوون لەلایەن گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە.

هۆکاری دەرەکی ، مەبەست لە دەرەوەی دەقەکەوەیە کە بریتییە لەو چوارچێوە (سیاق) مێژوویی و سیاسییەی کە دەقەکەی تێدا ئاڕاستەی خوێنەر کراوە، هۆکاری ناوەکییش پەیوەندە بەخودی جەستەی دەقەکەوە.

دەقی (دەراڤێ تەنگ) لەسەر بەرگی پێشەوەی و لەخوار ناونیشانەکەوە، نووسراوە (ژ تۆرێ جەنگێ) ئەم دەستەواژەیە، بۆ دۆخی سالاّنی هەشتاکانی عێراق، ڕاستەوخۆ جەنگی عێراق ـ ئێران (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨) بە بیرو زەینی خوێنەر دێنێتەوە، چونکە دەستەواژەی ناوبراو بەسەر سینگی دەقەکەوە، بووەتە ناسنامەی دەقەکە، بەوتەی ڕەخنەگری فەڕەنسی (ژێرا ژینیت) ئەم جۆرە دەستەواژانە یەکێکە لە ئاستانەکانی دەق (Paratexte) و دیارخەری ژانریێتی (المؤشر الجنسی = indication generous) دەقەکەیەو لێرەوە نووسەری دەق، مەبەستی خۆی و بواری بابەت و ژانری ئەدەبی دەقەکە، وەکو

هەواڵێك بە (وەرگر ـ خوێنەر) ڕادەگەیەنێت[١٨] و خوێنەریش ئەم هەواڵە فەرامۆش ناکات و بە بەشێکی دانەبڕاو لە دەقەکە تەماشای دەکات(٢)، بگرە زیاد لەمەش بە بۆچوونی (ژیرار ژنێت) ئەو بڕگەو هێماو دەستەواژە و زاراوانەی کە ڕۆڵی (پاراتێکست) دەبینن، دەبنە دەقێکی هاوتەریبی دەقە ئەدەبییەکە گەورەکەو خوێنەر مافی خۆیەتی هەبێت[١٩] لەلایەکی دیکەشەوە، هەر پەیوەند بە خودی دەقەکەوە، لەلاپەڕە (٦٧)دا نووسراوە ((ڕۆمانا دەراڤێ تەنگ خەلاتێ دوێ وەرگرت د بەرێکانیا قادسیا صدام دا سالا ١٩٨٥)).

بەم دەربڕینەش ـ نووسەر مەبەستی بووبێت و نەبێت ـ دەقەکە لایەنگریی خۆی بۆ جەنگی (قادسییەی صدام) ڕادەگەیەنێت، ئەمەش لەڕووی هەڵوێستی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژییەوە، دژی (ئاسۆی چاوەڕوانی = افق التوقع Horizon Expeatation)[٢٠] خوێنەرە، بۆیە خوێنەری کورد دەقەکەی پەراوێز خستووەو فەرامۆشی کردووە بە دەربڕینێکی دی ئەم دەقە کەوتۆتە دەرەوەی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بۆ بۆچوونێکی هانس ڕۆبەرت یاوس (١٩٢١ ـ ١٩٩٧) کە پێیوایە مێژووی ئەدەب بریتییە لە مێژووی خوێنەرە یەك لەدوای یەکەکانی دەق[٢١]، کەواتە نەخوێندنەوەی دەقی (دەراڤێ تەنگ) لەلایەن خوێنەرانی کوردەوە، دەقەکەی خستۆتە دەرەوەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، زیاد لەمەش (یاوس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەنانەت بوونی هەر بەرهەمێکی هونەریی پەیوەندە بە ڕادەی کارلێکردنی لەگەڵ وەرگردا[٢٢] هەڵبەتە نووسەر (کریم جمیل بیانی) ئەم جۆرە هەڵوێستەی (وەرگر ـ خوێنەر) ی کوردی بەلاوە سەیر بوو، لەو ڕوانگەیەوە کە دەقەکە ناوی جەنگی قادسیەی سەدامی نەهێناوەو، بەڵکو بە گشتی باسی نیشتمان و کاریگەرییەکانی جەنگ دەکات[٢٣] دەبینین ئەو چوارچێوە مێژووییەی کە دەقەکەی تیادا ئاڕاستەکراوە، لەگەڵ بوونی چەند (پاراتێکستێك) بەسەر جەستەی دەقەکەوە، هەڵوێستێکی تایبەتی لە ئاست دەقەکەدا هێناوەتەوە ئاراوە، بەشێوەیەك، بەرگریکردن و بیانوو هێنانەوە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی وەرگر کارێکی بێهوودە دەبێت، ئەمەش دروستیی ئەو بنەما تیۆرییەی قوتابخانەکانی ئیستاتیکای وەرگرتن دووپات دەکاتەوە، کە لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبییدا (( دەق تاکە ڕووداو و تاکە جەمسەر نییە ،

بەڵکو جەمسەرو ڕووداوگەلی دیکەش هەن وەکو کاردانەوەکانی خوێنەران، کە کاریگەری و دەسەلاتی خۆیان دەسەپێنن[٢٤] کەواتە خوێنەر لەنێو بازنەیەکی زمانیی داخراودا تەنها وشەو ڕستە داڕێژراوەکانی نێو دەقەکە ناخوێنێتەوە، بەڵکو هەروەکو (ئایزەر) ئاماژەی پێکردووە، (هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی (وەرگر ـ خوێنەر) بۆ دەق، لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ڕابردوو و پێشبینییەکانی داهاتوودا دەبێت) [٢٥]. ئەمەش بۆ

خۆی ئاماژەیەکە بۆ گرنگیی (چوارچێوەی دەق) و ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە گۆشە نیگای ئیستاتیکای وەرگرتنەوە کردەی خوێندنەوەی دەق ((کردەیەکی فرەلایەنەو وابەستەی ئەوساو ئێستا و خودی دەقیشە)) (٢٦).

ئەنجـــــــام

١- کاریگەریی و کاردانەوەی (وەرگر - خوێنەر) مەرج نییە، تەنها دوای خوێندنەوەی نێوەڕۆکی دەق، بێتە ئاراوە، بەڵکو لەهەندێ حاڵەتدا بەر لە خوێندنەوەی ئەم نێوەڕۆکە، وەرگر هەڵوێست و کاردانەوەی خۆی دەبێت.

٢- هەڵبەتە کاردانەوەی پێش خوێندنەوەی دەق، پتر لەژێر کاریگەریی چوارچێوەی دەق و ئەو برگەو زاراوە و دەستەواژە و ئاماژانە دەبێت کە نووساون بە جەستەی دەقەکەوەو (ژیرار ژینیت) بە دەقی هاوتەریبی لە قەڵەمداون، هەروەکو لە حاڵەتی دەقی (دەراڤێ تەنگ) ڕوونکراوەتەوە.

٣- دەقی هاوتەریبی دەقە ئەدەبییە سەرەکییەکە، دەکرێت کاریگەربێت لەسەر چۆنێتی هەڵوێستی وەرگر لە ئاست دەقەکەدا.

هەردوو پاراتیکستی (ژتۆرێ جەنگێ) لەگەڵ تێبینی لاپەڕە (٦٧) دەقی (دەراڤێ تەنگ) کە لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بووەتە هۆی فەرامۆشکردنی دەقەکە لە دەرەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەجێبهێڵرێت، بەپێی بۆچوونەکەی (یاوس).

٤- ڕاستە دەقی (دەراڤێ تەنگ) بە ئاشکراو و ڕاستەوخۆیی ناوی (قادسیەی سەدام)ی نەهێناوە، بەڵام ئەوە پاراتێکستی دەقەکەیە، دەقی ناوبراوی کردووە بە موڵکی ئەو جەنگە و لێرەیشەوە وەرگری کوردی هەڵوێستی خۆی لێوەرگرتووە.

پەراوێز:

[١]- صلاح فضل، نظرية البنائية فى النقد الادبي، ص ,٣٣

[٢]- د. یادگار لطیف شارەزووری، تیۆرەکانی وەرگرتن ، ل ٢٥٠ - ,٢٦

[٣]- صلاح فضل، نظرية البنائية فى النقد لادبي، ص ,٣٣

[٤]- محمود احمد العشيرى، الاتجهات الادبية والنقدية الحديثة، ص ,٩١

[٥]- عبدالكريم شرفي، من فلسفات التاويل الى نظريات القراءة، ص ١٤٥ - ,١٤٦

[٦]- تیۆرەکانی وەرگرتن، د. یادگار، ل ,٩٨

[٧]- هەمان سەرچاوە، ل ,١٠٠

[٨]- Dictionary of literg terms and literary&theory, caddon لە ماستەرنامەی (ئاوێتە بوون و لێکدانەوە) شیعرەکانی نالی بە نموونە، ئەرخەوان محمد عمر، زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زمان، بەشی کوردی ٢٠٠٩، ل ,٢٣

[٩]- فولفغانغ ايزر، فعل القراءة، ت د. حميد لحمداني، الجلالى الكدية، ص ,٩٤

[١٠]- کریم جمیل بیانی، دەراڤێ تەنگ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ,١٩٨٨

[١١]- هەمان سەرچاوە، ل ,٦٧

[١٢]- ابراهیم قادر، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا،نامەی ماستەر،کۆلێژی ئاداب،انکۆی سەلاحەدین، ,١٩٩٠

[١٣]- عادل مەجید محمد گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە (ابن الرشد)، زانکۆی بەغدا، ,١٩٩٦

[١٤]- کریم جمیل بیانی، دەقەکەی خۆی بە ڕۆمان داناوە، بۆیە لە لاپەڕە (٦٧)دا نووسراوە (ڕۆمانا دەراڤێ تەنگ...)).

[١٥]-

[١٦]– نووسەر (کریم جمیل بیانی) لە ( دیدارا رۆمانێ ل دەڤەرا بەهدینان ) لە ڕۆژی ٨/ ١١ / ٢٠١٢ کە لە هۆتێلی (ژیان) لە دهۆك ڕێکخرابوو، لە کاتی پێشکەشکردنی ئاماژەیەکی بەم لایەنە کرد.

[١٧]– لە هەمان دیداری ناوبراودا لەلایەن خودی نووسەر (کریم جمیل)ەوە هەمان پرس هێنرایەوە بەرباس و چەند نووسەرێکی تریش، قسەیان لەبارەوە کرد.

[١٨]– عبدالحق بلعاد ، عتبات، ص ٨٩ – ,٩٠

[١٩]– سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨.

[٢٠]– چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆری وەرگرتن و مەبەستی (باوس) لەم چەمکە ئەو پێوەرو بنەمایانەیە کە (وەرگر ـ خوێنەر) بەکاریدەهێنێت لە بریاردان بەسەر دەقەکەدا، بڕوانە:

[٢١]ـ رامان سلدن، النقریە الادبیە المعاصره، ص ١٦٧. ٢ـ د. یادگار لگیف، تیۆرەکانی وەرگرتن، ل ٣٤ – ,٣٥

[٢٢]– حسن مصگفی سحلول، نقریات القراوە والتأویل لادبی وقچایاو، ص ,١٣

[٢٣]– هانس روبیرت یاوس، جمالیە اتلقی، ت رشید بنحدر، ص ,٣٥

[٢٤]– ناوبراو ئەم بۆچوون و سەرسوڕمانەی خۆی لە ئاست هەڵوێستی خوێنەری کورد لەبەرانبەر دەقەکەی لە سمیناری خۆی لە دیداری ڕۆمانی کوردی لە دەڤەری بادینان دەربڕی.

[٢٥]– سامی اسماعیل، جمالیات التلقی، ص ٣٠ – ,٣١

[٢٦]– هەمان سەرچاوە، ل ,١١٣

[٢٧]– تیۆرەکانی وەرگرتن، ل ٤٢ – ٤٣.

## ســـەرچـــــاوەکان

### ١ـ بەزمانی کوردی:


* کتێب:

- کریم جمیل بیانی، دەراڤێ تەنگ (ژ تۆرێ جەنگێ).
- د. یادگار لگیف شارەزووری، تیۆرەکانی وەرگرتن، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.


### نامەی ماستەر:


- ابراهیم قادر، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.
- ئەرخەوان محمد عبید، ئاوێتەبوون و لێکدانەوە، شیعری نالی بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩.
- عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، کۆلێژی پەروەردە (ابن رشد) زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦.


### ٢ـ بەزمانی عەرەبی:


- حسن مصطفی سحلول، نظریات القراءة التأویل الادبي وقضایاها منشورات اتحاد کتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.
- سامی اسماعیل، جمالیات التلقي، ط ١، المجلی الاعلی للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٢.
- رامان سلدن، النظریة الادبیة المعاصرة ،ت سعید الغانمي، ط١، دار الفارس للنشر والتوزیع، عمان
- صلاح فضل، النظریة البنائیة في النقد الادبي،ط٣، دارالشؤون الثقافیة العامة،بغداد، ١٩٨٧.
- عبدالحق بلعابد، عتبات (جرار جینیت من النص الی المناص)، ط١، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت، ٢٠٠٨.
- عبدالکریم شرفي، من فلسفات التأویل الی نظریات القراءة، ط١، الدار العربیة للعلوم ـ ناشرون، بیروت، ٢٠٠٧.
- فولفغانغ ایزر، فعل القراءة ،ت د.حمید لحمداني ، د.الجلال الکدیة ،مکتبة المناهل، فاس ،(د.ت).
- محمد احمد بشعري، الاتجاهات النقدیة والادبیة الحدیثة، ط ٢، میریت للنشر والمعلومات، القاهرة، ٢٠٠٣.
- هانس روبرت یاوس، جمالیة التلفي، ت رشید بنحدو، المجلی الاعلی للثقافة ، القاهرة، ٢٠٠٤.

**الملخص**

**تناولت نظريات التلقي بمدارسه المختلفة من جمالية التلقي (المدرسة الالمانية) ونقد استجابة القارئ (المدرسة الامريكية) دور المتلقي في توليد و انتاج دلالات النص الادبي و ردود افعال المتلقي اثناء قراءته او تفاعله مع النص. اثرت جهود المدرستان المذكورتان في احداث تغيرا استراتيجيا في**

**الخطاب النقدي، حيث اصبح المتلقي وليست النص الادبي ـ محورا اساسيا في العملية الابداعية سميت هذا التغيير من قبل بعض النقاد ب (نظريات سلطة القاريء) من هذا المنطلق حاول هذا البحث ابراز دور المتلقي في رد فعله ازاء النص، لكن ليست اثناء او من خلال قراءته للنص**

**كما تناولته نظريات التلقي ـ بل حتى قبل قراءته لمحتوى النص، وذلك تحت تاثير (سياق النص) و (العتبات النصية) اتخذت الدراسة نص (دەراڤێ تەنگ = الطريق الظيق) نموذجا لهذه الحالة، حيث حاول الباحث يبين كيف اثرت سلبا (سياق النص) والملحقات النصينة المتلاصقة بالنص المذكور، على المتلقي الكردي، بحيث ترك هذا النص خارج تأريخ الادب الكردي.**

**ABSTRACT**

**This study has trid to clarify the position and influence ( receiver – reader) in literary invention process.**

**The receiver theory has deal l with this topic within the reading process . The reasearcher in the present study deals with position and impact of reaer before reading the text ; This will happen whder the in flunce of context or paratext .**

**The researcher has taken( a narrow way = تەنگ دەراڤێ ) of the text as the practical model for this topic**